# تورەکە پڕ سێوەکە



**نووسەر: ڤلادیمیر سوتاییڤ**

**لە ڕووسییەوە بۆ ئەڵمانی: هـ. ئەنگەرۆڤا، ز. زاگاس، ف. زێشنیتسەر، م. تۆلۆستۆڤا**

**لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی: سەلام عەبدوڵا**

جارێكیان كەروێشكێك بۆ دارستان ڕۆیشت. تورەكەیەكی لەگەل خۆی برد و بۆ قارچك و تووی شرین گەڕا بۆ منداڵەكانی، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە. لە دواییدا گەیشتە چیمەنی دارستانێكی گەورە و لە ناوەڕاستی سەوزەڵانییەكەیدا دارە سێوێكی گەورەی بینی و سێوە سووری گەورەو ئاوداری پێبوو؛ لە خواریشییەوە بە دەورەوبەریدا، سێوێكی زۆر لەسەر ئەرزەكە كەوتبوو. كەروێشكەكە خێرا سێوەكانی كۆكردەوە و تورەكەكەی پڕ كرد.

لەولاوە قەلەڕەشكەیەك هات و لە سەر دارە سنەوبەرێك دانیشتەوە و وتی: قاق! قاق! پێیان وایە كەس نایانبینێ! هەموو كەسێك دەتوانێ بۆ ئێرە بێت، و هەموو سێوەكان بۆ خۆی ببات.

كەروێشكە پێی وت: لێ گەڕێ لە قاق و قیقەكانت، لێرە سێوێكی زۆر هەیە و بەشی هەموو دانیشتوانی دارستانەكە دەكات. منداڵەكانم لەماڵەوە، برسیانە.


كەروێشكە تا پێی كرا، تورەكەكەی تا سەری سەرەوە، پڕ كرد. بەڵێ، زۆر قورس بوو و ناكرێ هەڵبگیرێت.



کەروێشکەکە بە هەزار حالْ، تورەکەکەی بە سەر زەوییەکە ڕاکێشا.
لە پڕێکدا بە سەرەوە سەری لە شتێکی تووکن دا؛ چاوی هەڵبڕی و تووشی ترسێکی سامناك بوو– لە بەرامبەریدا، ورچێك ڕاوەستابوو.



ورچەکە بە نەڕینەوە پێی وت: ئەوە تورەکەکەت چی تیایە؟
کەروێشکەکە، ئارام بووەوە و تورەکەکەی بۆ کردەوە.
سێوم هەیە...فەرموو لە خزمەتی بەڕێزتانە.
ورچەکە قەپاڵێك لە سێوێك گرت و نەڕاندی: سێوەکانت زۆر باشن و دەبووژێنێتەوە.
و باوەشێکی لێ هەڵگرت و کەوتە ڕێ.





کەروێشکەیش ڕێگاکەی گرتە بەر.

سمۆرە لە هەموو لایەکەوە بە بازدانەوە بۆ لای هاتن و بە دەنگە باریکەکەیانەوە هاواریان دەکرد: مام کەروێشك! مام کەروێشك! ئاخ، تکایە نەختێ سێومان بدەرێ!

هیچ ناکرێ، کەروێشکەکە دەبێ تورکەکەی بۆ سمۆرەکان بکاتەوە.



و هەر وا کەوتە ڕێ و ئەمجارەیان ڕووبەڕووی برادەرە کۆنەکەی بووەوە و پرسیارری لێ کرد: ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی ئاژەڵە دڕکینەکە؟

ژیشکەکە وتی: بۆ قارچك دەگەڕێم، بەڵام ئەم ساڵ نەهاتە. بڕوانە سەبەتەکەم چەند بەتاڵە.


سێوم لێ وەربگرە، شەرم مەکە، زۆرم پێیە. کەروێشکەکە وای وت و سەبەتەی ژیشکەکەی بە سێو پڕ کرد.





ئەم جارەیان ڕێگاکە گەیشتە چیمەنێك. لەوێ کۆمەڵێ بزن یاریان دەکرد و لەلایەن دایکیانەوە چاودێری دەکران و کەروێشکەکە سێویان پێشکەش کرد.

**ئێستا ئیتر کەروێشکەکە ئەوەندە ڕۆیشت، ئیتر ماندوو بوو و لەسەر گردێك دانیشت و دەیویست بحەسێتەوە لە پڕێکدا....**



**خاك هەڵکەنەکە وتی(زۆر سوپاستیشتان دەکەم) و لە ژێر زەوییەکە خۆی شاردەوە.**

بەڵام لەماڵەوە، دەمێکە خێزانی باوکە کەروێشك، چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەکەن. بۆ ئەوەی کاتەکەیان بەسەر ببەن، دایکەکە ئەفسایەکی بۆ منداڵە برسییەکانی گێڕایەوە.



بەڵێ، لە پڕێکدا دەرگاکەیان کرایەوە و یەکسەر گۆمەڵێك سمۆرە بە سەبەتەیەکی پڕ لە گوێز، ڕاوەستابوون و یەکێکیان وتی: دایکم زۆر سەڵاوتان لێ دەکات و ئەمەی پێشکەش بە ئێوە کرد. نۆشی گیانتان بێت! و بۆی دەرپەڕین.

دایکەکە لەبەر خۆیەوە وتی: نەخێر، ئای لەم ئاجبایەتییە.



**پاش ماوەیەکی کورت ژیشکەکە بۆ سەردان هات و سەبەتەیەکی پڕ لە قارچکی پێ بوو و پرسیاری کرد: پیاوی ماڵەکە لە ماڵەوەیە؟**

**لە وەڵامدا دایکی ماڵەکە وتی: نەخێر، ئێمڕۆ بەیانی زوو کەوتە ڕێ و هێشتا نەگەڕاوەتەوە. ژیشکەکە ماڵئاوایی لێ کرد و سەبەتەکەیشی بۆیان بەجێهێشت.**





**بزنی هاوسێشیان گژوگیا و پەرداخێکی گەورەی پڕ شیری بۆیان هێنا و بە دایکەکەی وت: ئەمانە بۆ منداڵەکانت.**




**ئەم ئاجبایەتییە کۆتایی پێ نەهات، لە پڕێکدا، جیرە لە درزی ژێرخانەکەوە بەرزبووەوە و سەری(خاك هەڵکەنە)ەکە لێوەوە دەرهات و پرسیاری کرد: بەڕێز کەروێشك لێرە دەژێ؟**

**دایکی ماڵەکە پێی وت: بەڵێ، لێرە دەژێ**

**خاك هەڵکەنە لە وەڵامدا وتی: کەواتە بە درووستی زەوییەکەم هەڵدڕی و چەندین جۆری میوەی هەڵدا بۆ سەرەوە: گەزەر، پەتاتە، کەرەوز و چەوەندەری سوور.**

**(سەڵاوێکی پێ پایان بۆ کەروێشك) وای پێ وتن و لە ژێر زەمینەکە خۆی وون کرد.**




کەروێشکەکە هێشتا هەر لەسەرە ڕێگایە بەرەوماڵەوە.

قەلەڕەشکەکە بەدوایەوە دەڕۆیشت: قاق! قاق! تۆ هەموو سێوەکەت پێشکەش کرد، بەڵام هیچت بە من نەدا!

کەروێشکەکە گێژ بوو. دوا سێوی ناو تورکەکەی دەرکردو وتی: فەرموو، وەریگرە! ئەم سێوە جوانترینیانە! بە عافێتان بێت!







قاق!قاق!قاق...من پێویستیم بە سێوی تۆ نییە و حەزی لێ ناکەم، بەڵام ئەمە ئەوپەڕیەتی! تورەکەیەکی بەتاڵ بۆ منداڵە برسییەکانت دەبەیتەوە!

کەروێشکەکە: بەڵێ، من...من ئێستا بۆ ناو دارستانەکە دەگەڕێمەوەو تورەکەیەکی تری سێو دەهێنمەوە.



**بۆ کویٚ دەچیت ئەی نەگبەت؟ بڕوانە چ هەورە ڕەشیك، بەڕیٚگەوەیە.**
**بەڵام کەرویٚشکەکە تا هیٚزی تیٚدا بوو، بە ڕاکرتن بەرەو دارستانەکە ڕۆیشت.**
**هەر کە گەیشتە دارە سیٚوەکە....**



گورگەکە، کەروێشکەکەی بینی و، لیکاو دەمی هاتەخوارەوەو پرسیاری لێ کرد:
ئەوە تۆ چی دەکەی لێرە؟

من...من دەمویست سێو بۆ منداڵەکانم ببەمەوە.

گورگ: تۆ زۆر حەز دەکەی لە سێو خواردن؟

کەروێشك: بەڵێ، زۆر حەز لە سێو خواردن دەکەم

(منیش زۆر حەز لە خواردنی کەروێشك دەکەم) گورگەکە وای وت و پەلاماری کەروێشکەکەی دا.





**کەچی، ئێستا تورەکەکە بە هانای کەروێشکەکە، هات.**





شەو درەنگانێك بوو كاتێ كەروێشكەكە هێدی هێدی بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە.



منداڵە تێربووەکانی لەناو خەوێکی قوڵدا بوون و تەنها دایکە کەروێشک خەوی لێ نەکەوت و بە بێ دەنگییەوە، فرمێسکی دەڕشت.
ئەوجا لە دەرگاکە درا....



کەروێشکە بچکۆلانەکان لە حەوت خەوی شرینەوە بێداربوونەوە و هاواریان کرد: هورا! هورا! باوکمان گەڕایەوە!

دایکە کەروێشك دەرگاکەی کردەوە و دەبینیٚ باوکە کەروێشك لە سەریەوە تا بن پێی تەڕ بووە. ئەوجا بە هەناسەساردییەکەوە وتی: منداڵە خۆشەویستەکانم، من هیچم بۆ خواردن نەهێناوەتەوە.

دایکە کەروێشکیش بە خەمبارییەکەوە وتی: ئاخ، کەروێشکە بیٚ چارەکەم.





لە پڕێکدا خانووەکەیان کەوتە لەرزین و دەنگە دەنگێگ هات.

ئەوە گورگەکەیە!خێراکەن، دەرگاکە دابخەن! خۆتان بشارنەوە!

جیڕەجیڕی شوشە، بەرزبووەوە و لە دوو تۆی پەنجەرەکەوە ورچێك بە کەلە زلەکەیەوە، سەری دەرهێنا و بە ناڕاندنەوە وتی.



فەرموون وەری بگرن، من ئەمەتان پێشکەش دەکەم. ئەمە هەنگوێنێکی زۆر باشە، هەنگوینی قەرەنگوێیە.



له ڕۆژی داهاتوو، خێزانی کەروێشك هەموویان بۆ نانی بەیانیان کۆبوونەوە. جا چ مێوەو خۆراکێکی بەلەزەت لەسەر مێزەکە نەبوو: قارچك، گوێز، چەوەندەر، تور و هەنگوین، پەتاتە و گەزەر.

قەلەڕەشکە زیرەکەکە سەری زۆر سووڕما و تی: من تێناگەم چۆن لە تورەکەیەکی بەتاڵدا، ئەو هەموو شتە باشانەی لێ دەردەکرێن؟

